کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

8-7-2007 20:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەڵامێکی کورت دەربارەی ڕاپۆرتێک لە سەر سەعدی پیرە لە سایتی ڕۆشنایی لە 8|07 بۆ بەرێزیک بە ناوی کاروان غالب لە کە نەدا ... باوکی شازاد**

ئەو نوسەرە لە مالپەری رۆشنایی گلەیی لە ی.ن.ک کروە کە بۆ سەعدی پیرەیان کردوە بە دەم راستی خۆیان لە چاو پیکەوتنەکانی تەلەفزیۆنیدا بە تایبەتی لەم دواییە کە لە زاگرۆس تیڤی باسی لە کۆنگرەی قاهیرە کردوە بە رای ئە و بەرێزە نابێت سەعدی پیرە باسی خیانەت بکات لە بەر ئەوەی کاتێ کە سەعدی لە شاخ بوە پەیوەندی بە موخابەراتەوە هەبوەو بە سەدان پیشمەرگەی بە شەهید کردن داوە بە قسەی ئەو نوسەرە بلیمەتە دیارە نمونەشی هێناوە کە چۆن جەماعەتی قادری حاجی عەلی بە هیلاک بردوە لە کاتی کە پاش انفال کە خۆیان شاردۆتەوە دیارە سەعدی پیرە ئیخباری لێ کردون دەتوانین لە کاک قادر بپرسن وە سەدان کەسی تریش چونکە پەیوەندی بە حکومەتی عێراق و مۆخابەراتی شمالی هەبوە بە پێی زانیاری ئەو نوسەرە. من هەتا ئیرە هیچ ناڵیم تەنها دەڵیم کاکی نوسەر دەبی کە باسی کەسێک دەکەیت و ئەو هەموتاوانە گەورانە ئەدەیتە پاڵی دەبێ بە لای کەمەوە تۆزێک زانیاریت هەبێ لە سەر مێژوی ژیانی ئەو کەسە بۆ ئەوەی کەسێ لێت راست نەبیتەوەو وەڵامت بداتەوەو قسەکانت هەمووی بە درۆ بخاتەوە وەکو ئەوەی کە من ئێستا باسی لێوە دەکەم. تەنها بۆ راست کردنەوەی هەڵەکانت. با خوێنەری بەرێزیش نوسینەکانت هەڵسەنگێنین من سەعدی دەناسم لە ساڵی 1970 پاش نسکۆی 1974 سەعدیش وەکو هەمو پێشمەرگەو ئەندامانی پ.د.ک، ئاوارە بو بۆ ئێران وە لە ساڵی 1976 موافەقتی هیجرەی بۆ دەرچو لە وڵاتی نەمسا لە شاری گراتس دەژیا ئەو پیاوە هەتا ساڵی 1991 واتە پاش راپەرین کوردستانی نەدیوە وەکو خەڵکانی تر لە ئەوروپا بون ئەویش گەڕایەوەو لەبەر ئەوەی کەسێکی بە توانابو لە بواری ئیدارەو سیاسەت وە زۆر لە مام جەلال و کاک کۆسرەت نزیک بو بۆ یە کردیان بە نوێنەری. ی.ن.ک لە بەرەی کوردستانی وە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پیش دەچو هەتا وای لێ هات گەیشتە پلەی وەزیرو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بی ئەوەی لە کۆنگرەی دوەمی 1992 هەڵبژێردرێت وەکو ئەندامی سەرکردایەتی تەنها لە بەر ئەوەی کەسیکی بە توانا بو وە کورە جوتیاریکی ناوچەی کەندیناوە بو وە من بە حوکمی کارەکەم لیێی نزیک بوم بۆیە وەکو کەسێک زانیاریەکی تەواوم لە سەری هەبو هەتا ئەو ڕۆژەی کەچەند کەسێک لە ناو سەرکردایەتی زۆر ڕقیان لێی بو زۆر بە شوێنیەوە بون بۆ ئەوەی شتێکی لە سەر بدۆزنەوە پێش ئەوەی خۆیان ماڵ ئاوایی بکەن لە ناو یەکێتی گورزی خۆیان بوەشینین و ئەو کەسە دور بخەنەوە لە ناو یەکیتی وە ئەگەر بکریت لە ناویشی بەرن وابو لە سەر کوتلەو کوتلەکاری تۆزەک لە کاک کۆسرەت دور کەوتەوە خۆی بەلای مام جەلال داگرت هەرچۆنیک بێت من لە دورەوە دەبینم کە ئەو کەسە کەوتە بەر هێرشێکی زۆر توند من هیچ شتێک نازانم دەربارەی فایلداریەتی ئەو کەسە بەڵام هەر ئەوەندە ویستم ئەو بەریزەی کە لە سایتی رۆشنایی باس لە خیانەتی سەعدی دەکات لە کاتی خەباتی پیشمەرگایەتی تەنها ئەوەندە دەلیم کاکی نوسەرو هەلسورینەرانی ماڵپەری ڕۆشنایی ئەگەر دەتانەوێت باسی راستیەکان بکەن ئەو نوسینەو زۆر لە ڕاپۆرتەکانتان بە هیچ شیوەیەک راستی تیا نیە چونکە سەعدی تەنها بۆرۆژەکیش پیشمەرگە نەبوە لە ناو یەکێتی وە ئەگەر تەنها ئەو ماڵپەرە بۆ دژایەتی کردنی لایەنێک دروست کرابێت ئەوە شتێکی ترە بەشیکە لە سیاسەتی چەواشە کردنی خەڵک و وە ئەگەر فایلەکەشی وەک و ئەو ڕاپۆرتە بێیت ئەوا من لێرەوە دەڵیم سەعدی پیرە سیخوڕ نەبوە بەڵکو ململانێی سیاسی و ناوچەگەریەتی کردویەتی بە فایلدار وە هەر وەک و لە پلینۆمیش ئەو تاوانەی لەسەر لابراو ئیستا وەکو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

8-7-2007 20:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سەرکردەیەکی یەکێتی کارەکانی خۆی دەکات وە هەقی خۆشیەتی بەشداری بکات لە هەموو کۆڕو کۆبونەوەیەک لە کۆتایی ئەوەندە دەڵێم لە بی خەبەران کەشکەک سەڵاوات تکایە وردبینتر شتەکانتان بنوسن ئەگەر دەتانەوێت خەڵک نوسینەکانتان بخونێتەوە. داوای سەرکەوتن بۆ هەموو نوسەرێکی راست گۆو خاوەن قەڵەمەبویرو تیژەکان دەکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.